پێشەکیەکی کورت :

تێک و پێکچون و لە بەر یەک هەلۆەشانەوەی دەولّەتی عێراقی دەرگایەکی ئومێد بەخشی بە سەر دلّی تاک و کۆی ئینسانی کوردی دا کردەوە . بە هیوای ئەوەی ئەمجارەیان بە سوود وەرگرتن لە شکستەکانی پێشوی دەبێتە خاوەن کیانی سیاسی خۆی , ئەویش بەپێکهێنانی دەولّەتێکی سەربەخۆ . بەلاّم خەریکە وردە وردە ئەو خەونە دەکرێتە قوربانی کۆمەلّێ مەرامی حزبی . هێزە دەسەلاّتدارەکانی کوردستان بوونەتە بەشێکی سەرەکی لە پێکهێنان و دروست کردنەوەی دەولّەتی عێراقی , بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەکی ڕۆشن لەسەر کوردستان کرابێ .دەولّەتی عێراق ڕۆژ بەڕۆژ سەقامگیر تر دەبێ , ئەوەتانێ پرۆڤەکانی سوپای نوێێ عێراقی لەتوانەوەو پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی سەدرو تێکشکانی گروپە ئیسلامییە توند ڕەوەکانی سێ کوچکەی سونی نشین . هێزو ئینێرژیەکی زیاتریان پێدەبەخشێ بۆ جێبەجێکردنی پەیامەکەی "غازی یاوەر" , بۆ لە خوێن گەوزانی بزوتنەوەی سەربەخۆی کوردستان . بۆیە ئێمە" مالّپەڕی دەنگەکان" بەباشمان زانی پرسیارێک لەو بارەوە بخەینە بەردەست کۆمەلّێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی گەلەکەمان .

- ***ئەمڕۆ زەمینەیەکی ڕەخساو و لەبار بۆ کورد فەراهەم بووە تا بتوانێ چارەنووسی خۆی لەجیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دیاری بکات.ئایا پێت وانیە سەرکردایەتی سیاسی کوردلە پێناو بەرژەوەندی حیزبی و بنەماڵەیی ڕێگرە لەبەردەم ئەم خواستەی کورد و خەریکە ئەم دەرفەتە لەدەست ئەدرێ.بەبڕوای تۆ چ هەنگاوێك پێویستە(چ بکرێت باشە) تا کەڵك لەم دەرفەتە مێژووییە وەرگرین؟***

## پێویستە کوردستانیەکان دژی هەڵبژاردنی ئێراق بووەستن

**شاخەوان شۆڕش**

وەکو ئاشکرایە خەڵکی کوردستان لەبەردەم دیلامایەک دایە, کە بەسەریدا سەپێندراوە. دیلامای بەشداری کردن لەهەڵبژاردنی ئێراق. ئەو دیلامایە سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی تووشیانی کردووە و بەسەریاندا سەپاندوون. سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی کە نوێنەرایەتی کوردیان دەمێکە گرداوە, بەگوێرەی خواست و داواکاریەکانی خەڵکی کوردستان هەنگاویان نەناوە و ڕێزیشیان بۆ داخوازیەکانی خەڵک دانەناوە, ئەوان وەک هەر سەرکردەیەکی نادیموکراسی و دیکتاتۆری ناوچەکە چۆنیان لەبەرژەوەندا بووە وایان کردووە. بۆنمونە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان لە یەکگرتن و یەکخستنەوەی باشور دایە, کەچی ئەوان ئامادەنین ئەو داواکراییە زۆر لەپێش و ڕەوایەی خەڵک جێبەجێبکەن. خەڵک سەربەخۆیی دەخوازێ و نایەوێت جارێکی دیکە بچێتەوە ناو چوارچێوەی زیندانی تاریک و کارەساتئامێزی ئێراق, کەچی ئەوان بەرەو بەغدا خەڵک پەلکێش دەکەن و سنوری ئێراق و

ئێراقیبوونیان بەسەردا دەسەپێنن. خەڵک خوازیاری دیموکراسیەت و هەڵبژاردن لە کوردستان بوون, کەچی ئەوان ئامادە نەبوون ئەو داخوازیە جێبەجێبکەن و پیادەی ڕەوت و سیستەمێکی دیموکراسیانە بکەن. ئەوان وەکو دوو دەسەڵاتی نادیموکراسی و نارەوا, دەستیان بەسەر دەسەڵاتی ڕامیاری, سەرچاوەی دارایی و ئابوری کۆمەڵگەی کوردستاندا گرت و بەئارەزووی خۆیان و لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی خۆیان و پارتەکانیاندا بەکاری دەهێنن.
ئەو پرۆسەی هەڵبژاردنەی ئەمرۆ, ئەوان تووشی خەڵکی کوردستانیان کردووە, ئەوان بەبێ ئەوەی پرس بە خەڵک بکەن یا ڕێز بۆ هەڵوێستی خەڵک دابنێن یا ڕێگا بەخەڵک بدەن بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆی بدات, بەرەو بەغدا پەلکێشیان کردن و ئێستا دەیانەوێ ناچاریان بکەن بەوەی کە خۆیان مۆری ئێراقیبوونی خۆیان بکەن و ببنەوە پەڕاوێز و پلەدوو لەئێراقێکی پڕ لە کێشەو ناکۆکیدا, کە ئەگەری دووبارەبوونەوەی کارەساتەکانی گەلکوژی و پاکتاوی ڕەگەزی بەدواوەیە. ئەوان تەنانەت نەیانتواتنیووە مسۆگەری مافی چارەنوس لە دەستوری کاتی ئێراقدا بکەن و خەڵک لەئەگەر جیابوونەوە دڵنیا بکەن. ئەوان لە دووبارەنەبوونەوەی کارەساتەکان هیچ گەرەنتیەکیان نییە. ئەو ئێراقەی ئەوان هەڵیان بژاردووە ئەوان خۆشیان لێی دڵنیا نین و نازانن عارەبەکان چەند لەگەڵیان سەرڕاست دەبن. بۆیە ئەوان خۆیان کێشەیان لەسەر هەنگاوی ئێراقچیانەی خۆیاندا زۆرە و نازانن دوارۆژیان بەچی دەگات. دیارە ئەوان وابەستەی کۆمەڵێ بەڵێن و ڕێکەوتنی ئاشکراو نهێنین کە وادەکات هەوڵی یەکگرتوو هێشتنەوەی ستاتی ئێراق بدەن. شایانی باسە ئەو یەکگرتنە و لکاندنەوەی کوردستان بە ئێراق ئەوان سەپاندویانەتە سەر خەڵکی کوردستان, خەڵک بڕیاری ئەو یەکگرتنەی لەگەڵ ئێراق نەداوە و لەمبارەیەوە پرسی پێنەکراوە.
دەرفەتی سەربەخۆیی کوردستان لە **9** ی ئەپریلی **2003** لە هەموو کاتێک زیاتر و گەورەتر بوو, ئەو دەرفەتە لەو ڕۆژەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پاشەکشەدایە, لە **28**ی حوزەیران ئەو دەرفەتە تاڕادەیەکی زۆر لەگۆڕنرا, چونکە دەسەڵاتدارانی کورد بەبێ پرسی خەڵکی کوردستان پەسندی بەیەکەوەژیانیان لەگەڵ عارەبان لەچوارچێوەی ستاتی دروستکراوەی ئێراقدا هەڵبژارد و ئەوە هەنگاوێکی گرنگی دروستکردنەوەی ئێراق وەکو شێوەی پێشووی بوو. ئەو دەرفەتە ڕەنگە تروسکاییەکی زۆر کەمی بەبەرەوە مابێ و دەکرێ سوودی لێوەربگیرێت, بەڵام چۆن؟ سوود وەرگرتن لەو دەرفەتە لاوازەی بەر لەهەڵبژاردن, تەنها بە یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان و پێداگرتنی لەسەر جیابوونەوە و سەربەخۆیی بێئەملاوئەولا دێتەدی. ئەوەش بەبێ ویستی دەسەڵاتدارانی کورد نایەتەدی. ئاشکرایە دەسەڵاتدارانی کورد جیابوونەوە ناخوازن و ئەو داواکاریەی خەڵکیش ڕەتدەکەنەوە. کورد وەکو نەتەوە یەکگرتوو نییە, لەلایەک دەسەڵاتدارانی کورد دوو پارچەن, لەلایەکی دیکە خەڵک و سەرکردایەتی لەسەر ئامانج یەک نین و ناتەبان. بۆیە بەئەگەری زۆر ناتوانرێ سود لەو دەرفەتە وەربگیرێت.
خەڵکی کوردستان مافی هەبوو و دەبوایە بەر لە هەڵبژاردنی ئێراق ڕێگایان پێ بدرێت خۆیان چارەنوسی خۆیان لە ڕێگای ڕیفەراندەمێکەوە دیار بکەن. ئەگەر خەڵکی کوردستان بەیەکەوەژیانی لەگەڵ ئێراقدا پەسند کردبایە و سەربەخۆیی نەویستایە, ئەوسا گونجاو بوو خەڵک بەشداری لە هەڵبژاردنی ئێراقدا بکەن و ئەو ستاتەش بە ستاتی خۆیان بزانن. بەڵام وەکو گوتمان خەڵک پرسی پێ نەکراوە و خۆی ئەو ڕێگایەی هەڵنەبژاردووە, بۆیە باشتروایە بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا نەکات.

وەکو گوترا لەبەرئەوەی کورد لەسەر داواکاری سەربەخۆیی یەک دەنگ نییە و دەسەڵاتدارانی کورد دژی سەربەخۆیین, زۆر سەختە بتوانرێ کەڵک لەو دەرفەتەی سەربەخۆیی وەربگیرێت. لەلایەکی دیکە بەشداریکردن, دەکرێ مەترسی گەورەی بەدواوە بێت, ئەوە جگەلەوەی خەڵک خۆیان مۆری سەرداری عارەب بەسەر کوردستاندا دەکەن و مۆری ئێراقیبوون بەسەر خۆیاندا دەسەپێنن. ئەو مۆر لێدانە ڕێگای جیابوونەوە و دەرچوونی لە سنوری داسەپێندراوی ئێراقدا زۆر سەخت دەکات, لەکاتێکدا مافی چارەنوس و جیابوونەوە لە دەستوردا نەنووسرابێ.
وانەکانی مێژوو و کارەساتی ڕابردووی 80 ساڵە, ئامۆژگاری چوونەوە ناو ئێراق بەهیچ جۆرێک ناکەن, بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبوایە جیابوونەوە و سەربەخۆیی داواکاری ڕاشکاوی گەورەوبچوکی خەڵکی کوردستان و دەسەڵاتدارانی کوردستان بێت.
دەسەڵاتدارانی کورد ڕێگای بەغدایان هەڵبژاردووە و ئێراقیبوون پەسند دەکەن, ئەوش دژی داخوازی و داواکاری خەڵکی کوردستانە, بۆیە ڕەوایە خەڵک بەدوایان نەکەوێت و بەو ڕێگەیەدا نەچێت. بەشداری نەکردنی خەڵک لەهەڵبژاردنی ئێراقدا هەڵوێستێکی گونجاوە و دەتوانێ وابکات دەسەڵاتدارانی کورد لە هەوڵی بەئێراقیکردنی کورد سەرکەوتوو نەبن. پێویستە هەموو کوردستانیەکان و سەربەخۆخوازان دوودڵی لە هەڵوێستی کوردستانیانەیان نەکەن و لەهەوڵی پارچەکردنی ئێراق سارد نەبنەوە. کورد مافی خۆیەتی و ڕەوایە سەربەخۆ بێت, بۆیەش تەنها ڕەوایە هەوڵی سەربەخۆیی بدرێت و دژی بەشداری هەڵبژاردنی ئێراق بوەستن. لەئەگەر سەرنەکەوتنی دەسەڵاتدارانی کورد لە ئێراقدا, ئەگەری سەرهەڵدانی کێشەی نێوان کورد و عارەب زۆرتر و نزیکتر دەبێت, بەمجۆرە ئەگەری جیابوونەوە و سەربەخۆیی دەبێتە فاکتەرێکی سەپێندراو و باشترین ڕێگاچارە. ڕەنگە ناکۆکی ڕەگەزیی نێوان کورد و عارەب کورتخایەن و بە بێ زیانێکی ئەوتۆ بێت, ڕەنگە ناکۆکیە خوێناوی بێت و ئازاری زۆر بگەیەنێت, بەلام گەیشتن بە سەربەخۆیی نزیک دەبێت, چونکە گۆڕانکاریەکان و سەردەمی ئێستا ڕێگای ئەنفالکردنی کورد لەسەر داواکاری سەربەخۆیی نادەن, بەڵکو بەئەگەری زۆر بەناچاری ملی بۆ کەچ دەکەن. خەڵکی شارەزا و ستات زۆرن دەمێکە ئەو چارەنوسەیان بۆ کورد ڕەچاو کردووە, بەلام ئەوە هەوڵ و کۆششی کورد خۆی گەرەکە. ئەگەر سەرکردایەتی کورد کەوتوونەتە داوی داگیرکەران, پێویستە لەسەر خەڵک هەڵوێست وەربگرن و خۆیان لەو داوە ڕزگار بکەن.